# دەستەی چالاکی ڕۆشنبیری لە ئۆستفۆڵد



لەیادی مەرگی هەڵەبجەدا

هەڵەبجە ناوێک لە مێژووی پڕ لە تراژدیای گەلێک، هاوارێک لە ئازارو مەرگی بە کۆمەڵ، هەڵەبجە تێربوونی ویژدانی نائینسانی بیرو سیستەمێک لێوان لێو لە فاشیزم، خاڵی لە هەر تێگەیشتنێک لەماناو بەهای ئینسان.

3.16هەموسالێک سەد داخ لەم ڕۆژەدا دەیان هەزار ئینسانی بێتاوانمان دێتوە یاد کە لە تەنها چەند سەعاتێکدا کرانە خۆڵ بەدەستی بیری نەتەوە پەرستی فاشی بەعسی عەرەبی. کارەساتی هەڵەبجە پێمان دەڵێت ،نەفرەت لەو دنیایە بکەن کە ئێمەی خنکاند، نەفرەت لەو کلتورە دڵ ڕەقەبکەن کە بەمەرگ و شەڕو کوشتار شادی دەکەوێتە ناو دەروونی دڕندانەیەوە، نەفرەت لەو دەسەڵاتە بکەن کە بەدوای دروست کردنی دوژمن و کۆت کردنی ئازادیدا وێڵە.

ئێمە وەک دەستەی چالاکی ڕۆشنبیری بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی چاک کۆمیتەی چاک،هەڵدەستین بەم چالاکیانەی خوارەوە.

1/لەبەرواری 03/16 ڕۆژی هەینی کاتژمێر 6 ی ئێوارە هەڵدەستین بە ساز دانی ڕێپوانێکی ماتەمینی بە مەشخەڵ لە بەردەم rådehus i Fredrikstad دەست پێدەکات بۆ بەردەم بنکەی (LO).

2/لەبەرواری 03/17 ڕۆژی شەمە کەتژمێر 13بۆ16 سمینارێک ساز دەکەین بۆ بەڕێز (شاخەوان شۆڕش) ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری ناوەندی چاک و لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید. لە (ئامادەیی فرێدریک ئان)fredrik II videregående skole

خۆشحاڵ دەبین بە ئامەدەبوونتان

دەستەی چالاکی ڕۆشنبیری لەئۆستفۆڵد

13.03 .2007

dastaichalaki@yahoo.no

بۆ پەیوەندی/دارا محمد..47383767 .... سیروان محمد..95022981عومەرئەمین..99387599